# کەمترین ڕکاتی نوێژی وویتر ؟

< کوردي >

دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# أقل الوتر ركعة

< كردي >

فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# کەمترین ڕکاتی نوێژی وویتر ؟

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار :** ئایا کەمترین ڕکاتی نوێژی وویتر چەند ڕکاتە ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

جمهوری زانایان لەهاوەڵانی پێغەمبەر و شوێنکەوتوانی ئەوان (خوایان لێ ڕازی بێت )لەسەر ئەو ڕایەن کە کەمترین ڕکاتی نوێژی وویتر یەك ڕکاتە، ئەمەش لە هەریەك لە عوسمانی کوڕی عەفان و سەعدی کوری ئەبی وەقاص و زەیدی کوڕی ثابت و عەبدولای کوڕی عەباس و عەبدوڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر وئەبو موسای ئەشعەری و عائیشە و موعاویە وموعاذی کوڕی جەبەل (خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەت کراوە، لەپاش ئەوانیش سەعیدی کوڕی موسەیب و عەطاء و ئیمامی مالیك و ئەوزاعی وئیمامی شافعی و ئیسحاقی ڕاهەوی و ئەبو ثەوریش وای بۆ دەچن کە کەمترین نوێژی ووتر یەك ڕکاتە، بەلام باشتر وایە سەرەتا دوو رکات نوێژ بکات و سەلام بداتەوەو پاشان یەك ڕکاتە نوێژە وویترەکە بکات .

ئیمامی ئەبو حەنیفە ڕایەکی جیاواز لەم ڕایەی هەی و پێی وایە کەمترین نوێژی وویتر سێ ڕکاتە، بە شێوەیەك هەر سێ ڕکاتەکە بەسەریەکەوە، وەك نوێژی مەغریب ئەنجام بدات، بەڵام ئیمامی مالیك لە ڕایەکی تریدا دەڵێت : نوێژی وویتر سێ ڕکاتە، بەڵام دەبێت بە جیا بیانکات، واتا : دوو ڕکات بکات و سەلام بداتەوە و پاشان یەك ڕکات بکات، ئەو کەسانەشی کە سێ ڕکات نوێژی وویتراین ئەنجام داوە هەرەیك لە عومەری کوڕی خەتاب و عەلی کوڕی ئەبوطالب و ئوبەی کوڕی کەعب وئەنەشی کوڕی مالیك وعەبدوڵای کوڕی مەسعود وعەبدوڵای کوڕی عەباس وئەبو ئومامە وعومەری کوڕی عبد العزیز وتەواوی ئەهلی ڕەئی بووون .

سوفیانی ثەوریش ووتویەتی : نوێژی وویتر دروست نیە کە کەمتر لە سێ ڕکات بێت یان دەبێت زیاتر بکات ..

لە کۆتاییەوە دەڵێین جیاوازی نێوان جمهوری زانایان و غەیری ئەوان جیاوازیەکی لەفظی یە وتەنها لە ناونانی نوێژەکەدایە، ئەگیان ئەوانەشی دەڵین : کە نوێژی وویتر یەك ڕکاتە پێیان وایە باشتر وایە سەرەتا دوو ڕکات نوێژ بکات و پاش ئەوە یەك ڕکات نوێژی وویتر بکات، بەڵام غەیر جمهور دەڵێن دەبێت هەر سی ڕکاتەکە بەناو ونیەتی وویترەوە ئەنجام بدات ...

خوای گەورەش زاناترە ...